مەسرور بارزانی و شاندەکی بریتانی پرسی بەیەکەوەژیان تاوتوێ دەکەن

ئەمڕۆ دووشەممە، 16ـی شوباتی 2026، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە شاندێکی گرووپی پەرلەمانتارانی شانشینی یەکگرتوو (APPG) تایبەت بە داکۆکیکردن لە ئازادی ئایینی بە سەرۆکایەتی جیم شانۆن، ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی گرووپەکە کرد.

حکومەتی هەرێم لەگەڵیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە بەاویکردەوە لە دیدارەکەدا، شاندەکە کورتەیەکیان دەربارەی گرووپەکەیان و ئامانجی سەردانەکەیان بە هەرێمی کوردستان خستەڕوو. شاندەکە بە پێزانیەکی زۆرەوە، دەخی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان و ئازادیی ئایینییان لە هەرێمی کوردستان نرخاند.

سەرۆکی حکوومەت دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کورستان بەردەوام دەبێت لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی زیاتری کولتووری بەیەکەوەژیان و پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکان و بڕەودان بە بنەماکانی ئازادیی بیروباوەڕ و ئازادیی ئایینی و تەبایی نێوان گشت پێکهاتەکانی کوردستان.